# نۆژەنکردنەوەی وەڵامەکان

**ئەگەر پێمانوابێت، وەڵامەکانی ئێمە تەواو و دوا دەرکی مرۆڤایەتین، ئەوا خەریکین لە خۆمان بتێك سازدەکەین. هەروەها ئەگەر پێمانوابێت، ئەو سیستەمی ڕێکخستنەی کۆمەڵگە، کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین، دوایین چاوەڕوانی و گەشەیەکە، کە مرۆڤایەتی پێیدەگات، ئەوا دیسانەوە خەریکین پووچگەراییەکی دی لە تەپوتۆزی پۆوچگەراییەکانی دیکە، چێدەکەینەوە. سۆشیالیزم بەهەشتێك نییە لە ئاسمانەکانەوە دابگرین و لە پەراوی ئەفسانەکاندا بیدۆزینەوە و مۆدێرنیزەی بکەین، سۆشیالیزم خەونی مرۆڤی زیندووە و بە پراکتیکی شۆڕشگێڕانە کەتواری دەبێتەوە و سەرکەوتنیشی لە کولتووربووییندا دەبێت، بەبێ ئەوە، لە خەیاڵی گۆشەگیرانە و فەنتازی ئایدیالیستانە بەولاوەتر نابێت.**

هەژێن

بەشی شەشەم

## ئێوە چ ڕێگەچارەیەك بۆ چارەسەری ستەمی نەتەوەیی و گرفتی ناوچە دابراوەکان بەدروست دەزانن ؟

پێشەکی بەر لەوەی بۆچوون و ئەڵتەرناتیڤێك لە دیدی خۆمەوە بخەمەڕوو، بەپێویستی دەزانم بڵێم، دوو دەهە بەسەر ڕاپەڕین و دەهەیەك بەسەر ڕوخانی ڕژێمی بەعس'دا تێپەڕێوە و هێشتا پرسی ستەمی نەتەوەیی و ناوچەکان چارەسەرنەکراوە و هێشتا وەك مەیدانێك بۆ سەرمایەگوزاریی ڕامیاریی دەسەڵاتخوازان و دەمارگیریی نەتەوەیی و کینەدۆزی و دووبەرەکی نێوان خەڵکانێك، کە پێشتر هەزاران ساڵ بەیەکەوە ژیاون و هاودەرد و هاوخەمی یەکدی بوون، ماوەتەوە. ئەگەر پاش ڕاپەڕین لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بتگوتایە پێویستە لە ڕیزی خەباتی جەماوەریدا تێکۆشانی بۆ بکەین یا پاش ڕووخانی سەدام بتگوتایە با دەهەیەك تیۆکۆشانی بۆ بکەین، دەمودەست بە دوژمن و خەیاڵپلاو و بێ ئەڵتەرناتیڤ تاوانباردەکرایت، بەڵام ئەوا دوو دەهە تێپەڕیوە و هێشتا هەر بازاری نەتەوەپەرستی و ڕامایاریی دەسەڵاتخوازان گەرمە و ئێمەش هەر لەو خاڵەدا وەستاوین، کە هەر دەبێت ئەم ڕۆژە یا ساڵ و دەهە و سەدەیەکی دیکە، کاری لەسەر بکەین و تێکۆشانی بۆ بکەین.

دەمەوێت بڵێم، ئەڵتەرناتیڤێك کە بە بۆچوونی من دەتوانێت هەم چارەسەر و هەم ڕادیکاڵ بێت، نە بە فەرمانی ڕامیاران دێتەدی و نە کاری یەك شەو و ڕۆژەیە، بەڵکو خەباتی بێوچانی کۆمەڵایەتی گەڕەکە، گەڕانەوە بۆ سەردەمی بەر لە ناسیونالیزەبوون و سەرهەڵدانی دەوڵەت هاوچەرخی گەرەکە، واتە کۆمەڵایەتییکردنەوەی پرسەکان و تووڕهەڵدانی ڕامیاریی و ڕامیارانی گەرەکە، پێکهێنانی پایە جەماوەرییەکانی ڕێکخراوبوونی گەرەکە، گرێدانەوەی بە پرسە هەر ڕۆژەییەکانی تاك و کۆمەڵگەی گەرەکە، وەلانانی ڕێ ڕامیاران و پووچەڵکردنەوەی بازاری بازرگانی پارتەکانی گەرەکە، گەڕانەوەی بڕوابەخۆبوونی تاك بە هێزی یەکگرتووی کۆمەڵایەتی و چینایەتی خۆی گەرەکە، ڕێکخستنەوەی ئاسۆیی کۆمەڵگەی گەرەکە!

بەبۆچوونی من چارەسەری ئەو کێشانەی کە ئیدیۆلۆگەکانی ناسیونالیزم و مەزهەب و پارتەکان میلیشیاکان و دەوڵەتەکان ..**تد** دروستیانکردوون، تەنیا بەلێدانی ئەو پێناوانەیە یا ئەو ڕێکخستن و پێکهاتانەیە، کە ئەوان دروستیانکردوون، مەیسەردەبێت. ناکرێت ناسیونالیستەکان و مەزهەبییەکان بە ئامانجی دابینکردنی دەسەڵات بۆ چینی مشەخۆر (بۆرجوازی) لە قەوارەی ڕامیاریی وەك دەوڵەتدا، بمانکەن بەگژی یەکیدا و ئێمەش بێین ببینە ئەندام لە وەها لەشکرێکی ناهوشیارانەدا و ئاڵا و دروشمەکانیان بەرزبکەینەوە، خوازیاری بەدیهێنانی بەرنامەکانیان بین و خۆمان لەپێناو بەدەسەڵاتگەیشتینان بەناوی گەل و کرێکارانەوە، بەکوشت بدەین!

هەڵبەتە کارێکی ئاوا ؛ بەربەرچدانەوەی هێزە دەسەڵاتخوازەکان و ئاراستە نەتەوەپەرست و مەزهەبیەکان، کاری یەك شەو و ڕۆژە نییە، هەر کات دەست بە ئەنجامدانی بکەین، هەر دەبێت لەم هەنگاوە سەرەتاییانەوە دەستپێبکەین : ئاگەندە دژی ڕامیاران و پارتەکان و میلیشیاکان و پووچەڵکردنەوەی نەخشەکانیان، هەڵخڕاندن و بەرجەستەکردنی داخوازییە کۆمەڵایەتییە هاوبەش و نێوکۆییەکانی دانیشتووانی ناوچە فرە-ئێتنی و فرە-ئایین و فرە-کولتوور یا جیاوازەکان، کارکردنی هەر ڕۆژە بۆ خۆڕێکخستنی چین و توێژە ژێردەستەکان لە گروپە خۆجێییەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا لەسەر بنەمای خودهوشیاریی و خۆبیرکردنەوە و خۆڕێکخستن و خۆچالاکی و خۆخەباتکردن لە دەرەوەی بازنەی هەژموونی پارتە ڕامیارییەکان و میلیشیاکان و دەوڵەتەکان.

دروستکردنی دیواری مرۆیی لەنێوان بەرەی جەنگی میلیشیاکان و دەرپەراندنیان لە شوێنەکانی کار و ژیاندا، دروستکردنی گروپەکانی هاوسێیەتی و کۆمەکی کۆمەڵایەتیی، ئاشناکردنی لاوان و نەوەی نوێ بە ڕابوردووی پێکەوەژیان و تەبایی پەیڕەوانی ئایینەکان و مەزهەبەکان و ئێتنییەکان لەو جێیانەدا.

من دەزانم وەها کارێك کات و وزە و توانای دەوێت، بەڵام نەکردنی بە واتای تێپەڕاندنی نییە، بەڵکو هەر کات بمانەوێت چارەسەری کۆمەڵایەتییانە بۆ کێشەکان بدۆزینەوە، ناچار دەبێت هەر لەم هەنگاوانەوە دەستبەکاربین. لەم دووڕیانە زیاترمان لەپێش نییە؛ ملکەچی بۆ ویستی دەوڵەت و پارت و میلیشیاکان و ڕامیاران وەك ئێستا، یا خۆدەستبەکاربوونی کۆمەڵایەتی و ڕەتکردنەوەی کایەی ڕامیاریی وەك جاران؟

ئەگەر سەرنجی مێژووی سەدەی ڕابوردوو بدەین، هەردەم لە ناهوشیاریی و نائامادەییماندا چارەسەری پرسەکان و کێشەکانمان بە پارت و میلیشیا و ڕامیاران و دەوڵەت سپاردوون، ئەوانیش وەك وەڵامدانەوە بە بەرژەوەندی خۆیان و سروشتی سەرهەڵدان و ...، هەردەم کێشە و پرسە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەیان ئالوودەی ڕامیاریی کردوون و وەك ئامرازێك بۆ بەدەسەڵاتگەییشتن و بەدەستهێنانی بەرتەریی بۆ خۆیان بەکاریانبردوون. کێشە و ستەمی ئێتنی، دووبەرەکی ئایینی و مەزهەبیی، هەڵپە و ساختەچییەتی ڕامیاریی لە ئەم ڕۆژەدا بە بەراورد بە سەردەمێك کە ناسیونالیزم و پارتایەتی نەبووبوونە شوناسی تاك، هەزاران جار توندتر و کوشندەتر بووەتەوە. هاوسێ و هاوکار و هاوسۆز و هاودڵانی دوێنێیان کردوونەتە دوژمنی هەنووکەیی، کوشتنیان کردووەتە ئاساییترین دیاردەی کۆمەڵگە، ئەتککردن و منداڵفڕاندن و جەنگیان کردووەتە ئاساییترین ڕووداوی ڕۆژ، کردوونیانەتە بەشێك لە کولتووری مرۆڤی ئەم هەرێمە.

وەك لە سەرەوە گوتم، یا کێشە و پرسەکان بەوانەی سەرەوە دەسپێرین و بەخۆمان وەك ئاژەڵان هەر ڕۆژ چاوەڕێی نۆرەی سەربڕینمان دەکەین، یا ئەوەتا بە سڕینەوەی ڕامیاریی لە کایەکانی ژیانماندا، هەوڵی کۆمەڵایەتیکردنەوەی گشت پرسەکان و چارەسەریان لەسەر بنەمای خواست و خەونی هاوبەشمان بەخۆمان لە ئەستۆیان دەگرێن. بۆ ئەم مەبەستە من تەنیا بە هێڵکاریی تێڕوانین و دیتنەکانم دەتوانم، وەڵام بە پرسیارەک ی تۆ بدەمەوە: ...، پێشتر گوتم بەردی بناخەی هەر کار و چالاکییەك بە ئاراستەی چارەسەری کۆمەڵایەتییانەی پرسەکان، خۆڕێکخستنی ئاسۆیی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانە. کاتێك کە گروپە خۆجێی و ڕێکخراوە ئابووریی و پیشەییە جەماوەرییەکانمان هەبوون، دەتوانین کار لەسەر پێکهێنانی خۆبەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵایەتییانەی گوند و گەڕەك و شارۆچکە و شار و ناوچە و هەرێمەکان وەك یەکەی ئازاد بکەین، واتە گێڕانەوەی کاروبار و کارگێریی ... بەڕێوەباریەتی بۆ نێوەندی ژیانی کۆمەڵایەتی و لەباربردنی زەمینەکانی کایەی ڕامیاریی و پارت و ڕامیاران. کاتێك کە گوندێك یا شارێك لەسەر نەمای دێمۆکراسی ڕاستەوخۆ و پشتبنەستوو بە هەرەوەزیی و هاوپشتی کۆمەڵایەتی خۆی ڕێکدەخات، ئیدی ڕێکخستنی کاروبار و بەرهەمهێنان و دابەشکردن و سیستەمی پەروەردە و خوێندن و پەیوەندییەکان و دیاریکردنی زمانی فەرمی کاروبار و خوێندنی دەکەوێتە ئەستۆی هەرەوەزی و ئەنجوومەن و شوراکانی ئەو شوێنە، واتە پێکهێنانی خۆبەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆ.

کاتێك کە کۆمەڵگە دەبێتە خاوەنی ڕێکخستنی لەو جۆرە، ئیدی یەکگرتن و جیابوونەوە و هاوپشتی و پێکەوە ژیان ئاسانترین کارێك دەبن، کە هەر تاك و گروپ و کۆمەڵگەیەك دەستی پێبڕادەگات. ... وابەیەکبوون و هاوخەمی و هاودەردی و هاوپشتی نێوان گوندەکان، گەڕەکەکان، شارەکان و ناوچە و هەرێمەکان و کۆمەڵگەکان لێرەوە سەرهەڵدەدات و هەر ئەم هاوئاراستەییەیە، کە دەبێتە هۆی سڕینەوەی کارایی و شوێنەوارە وێرانگەرەکانی ڕامیاریی و پارتەکان و سیستەمی ڕامیاریی و دەوڵەتەکان، کە بوونەتە ...ی دووبەرەکی و ڕك و کینە و جەنگ و کوشتارەکان. ...ەتە بێجگە لەوەش هەموو سەرکەوتن و پۆزەتیڤییەك لە هەنگاوەکاندا، شوێنێکی دیکە بۆ گرتنەبەری ئەو شێواز و کارکردنە هاندەدات.

بەبۆچوونی من، لە وڵاتێکی وەك عێراق فرە ئێتنی و فرە ئایین و فرە مەزهەب و فرە زمان و وێرانبووی پاش چەندین جەنگ و کارایی کێشمەکێشی ڕامیاران و پارتەکان و ئایدیۆلۆجیاکان، تەنیا ئەم شێوازە لە تێکۆشان بۆ چارەسەری پۆزەتیڤ دەتوانێت زەمینەی پێکەوەژیانی دوور لە جەنگ و ڕك و کینە و چەند بەرەکی یا جیابوونەوەی ئازادانە و دوور لە خوێنڕشتن و ماڵوێرانی مسۆگەربکات.

ئەگەر ئامانجی پرسیارەکە ئەوەیە، کە چۆن دەتوانین بە چارەسەرێکی ئاشتییانە بگەین، ئەوا ئەم ڕێگەیەچارەیە دروستە و ئەگەر قسەش لەسەر بەدەسەڵاتگەییشتنی کۆمەڵێك ڕامیار و سەرمایەدار و پارت و میلیشیا و دەڵاڵی بازارئازادە، ئەوا ئەو دڕندەیی و لەخۆنامۆبوون و دوژمنسازییە لە هاوسێ و هاوکار و هاوپۆل و هاوسۆزەکانی دوێنێ، باشترین خزمەت بە جێکەوتەبوونی نەخشە ئابوورییەکانی بازارئازاد و نەخشە ڕامیاریی و سەربازییەکانی زلهێزەکان و داگیرکاریی نوێ [نیئۆکۆلۆنیالیزم] و جیهانخۆریی دەزگە و ناوەندە ئابوورییەکانی جیهان، دەکات.

هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بڵێم، کە یەکەم بۆ بەدیهاتن و جێکەوتەبوونی خۆبەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگەکان کۆمەڵێك ئامراز و بکانیزم چارەنووسازن، لەوانە ڕەتکردنەوەی دیمۆکراسی پارلەمانی و گرتنەبەری دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ، ڕەتکردنەوەی فیدرالیزمی بۆرجوازی [فیدرالیزمی قووچکەیی/ یەکگرتنی دەسەڵاتەکان و دەوڵەتەکان] و پێکهێنانی یەکێتی و یەکگرتنی ئازادانەی کۆمیونیتییەکان لە فێدراسیۆن و کۆنفێدراسیۆنە ئاسۆییەکاندا، ڕەتکردنەوەی هەڵبژاردنی ڕامیاران و پارتەکان و سیستەمی ڕامیاریی و دەنگدان بە سەرووەران. ەردا گرتنەبەری ڕاپرسی گشی و ئازاد و کۆبوونەوە گشتییەکان. دووەم، بەدیهاتنی ئامانجانە وەك چارەسەری کێشە ئێتنی و مەزهەبیی و کولتوورییەکان، پابەندەی بەدیهاتنی کۆمەڵگەی ناچینایەتی نین و دەکرێت وەك پێشهەنگاو بەرەو کۆمەڵگەی خوازراو لەبەرچاوبگیردرێن. بەلایەنی کەمەوە، ئەگەر نەتوانین بە کۆمەڵگەی ناچینایەتیش بگەین، ئەوا دەتوانین بەر بە دەمارگیری و کینەدۆزی نەتەوەیەیی و جینۆساید و گەرمکردنی بازاری چەکسازی و زاڵترکردنی زلهێزەکان بگرین.

بۆ نموونە ئەگەر ڕێکَخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری گوندێك لە دەستی خودی دانیشتووانەکەیدا بێت، بەدڵنیاییەوە بەراورد بە مشەخۆرانی ڕامیار و پارتەکان، کە لە شارەکاندا خەریکی فەرماندانن، بەخۆیان دەتوانن باشتر گرفتەکانیان چارەسەربکەن، یەکگرتووتربن و هاریک ی و هاوپشتییان لەتەك گوندەکانی دیکەدا هاوئاراستەتر بکەن و خۆبەڕێوەبەرایەتی هەرێمیی لەسەروو ئاستی گشت گوندەکانەوە لەسەر هەمان بنەمای ڕێکخستن و خۆبەڕێوبەرایەتی تاك تاکی گوندەکان، پێکبهێنن. هەروەها لە شارەکاندا ئەگەر ڕێکخستنی کارەوبارەکان و بەڕێوەبەرایەتی لەسەر بنەمای پێکهێنانی ڕێکَخراوە جەماوەرییەکان و گروپە خۆجێی و هەرەوەزییە کۆمەڵایەتییەک ن و یەکگرتنەوەیان و خۆبەڕێوەبەرایەتییان پێکـاتبێت، ئەوا دەبێتە هۆی دابەشبوونی یەکسانی .دەسەڵاتی کارگێریی و یەکگرتنەوەی خۆبەڕێوەبەرایەتییەکانی گەڕەکەکان لە شورا یا فێدراسیۆنی شاردا، زەمینە بۆ لەباربردنی هەلی سەرمایەگوزاریی ڕامیاریی پارتەکان لەسەر کَێشە و پرسەکان لەنێودەبات و بوارێك بۆ دەسەڵاتخوازیی سەرووخەڵکی و بەرتەرییخوازیی ڕامیاران و ..تد نامێنێتەوە، بەواتایەکی دیکە خودی دانیشتووانی ئەو شارە چ لەسەر ئاستی گەڕەکەکان و چ لەسەر ئاستی شار، لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا لەسەر بنەمای دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ، گفتوگۆ لەسەر پرسەکان و گرفەتاکان و داخوازیی و پێداویستییەکان دەک ن و بڕیاریان لەسەردەدەن و بەخۆشیان وەك خواستی خۆیان بە ویستی [ئیرادەی] خۆیان بڕیارەکان جێبەجێدەکەن و گەڕەك و شارەکەیان بەڕێوەدەبەن. بەو جۆرە دەبینین، چیدی ئەوە سەروەرانی ناوچەی سەوزی ەغداد و س ری ڕەش و قەڵاچوالان و ەر گردەکان و مشەخۆرانی نێو پارلەمانەکان نین، کە بڕیار لەسەر پرسەکان دەدەن، بەڵک خودی ئەو تاکانەن، ک، تا ئەم ساتە لە هەموو بڕیار و جێبەجێکردنێك بێبەش و دابڕاوک ن و وەك مێگەڵ، شوانە ڕامیارەکان و پارتەکان و فەرمانداریبە [حکومەتە] ەرێمییەکان/ سەرتاسەرییەکان داهاتوویان دیاریدەکەن. زیندووترین نموونە لەم بارەوە، ڕێکخستن و خۆبەڕێوەبەرایەتی کوردستانی بەشی سوریەیە، هەروەها خۆبەڕێوەبەرایەتی شار و گوندە ئازادکراوە عەرەبنشینەکانی سوریە، پێش ئەوەی سوپای بەناو ئازاد و هێزە ئیسلامییەکان داگیریان بکەنەوە، کە شورا و کۆمیتە و ئەنجومەن و هەرەوەزییە گەلییەکان بەڕێوەیاندەبردن.

## لە ئاکسیۆن و نارەزایەتییەکاندا بەشداریتان کەمە؟

کامە ئاکسیۆن و ئاکسیۆن بۆ چی؟ ئەگەر مەبەست لە واژۆکۆکردنەوە و پارانەوە لە سەرۆکان بێت، تاوەکو دڵیان بە خەڵکی بسووتێت یا مەبەست خۆنیشاندانی یاسایی و ەڵای پارتەکان بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە جێگەی ئەنارکبیەکانی تێدا نابێتەوە و خەباتی ەوان لەوێ نییە، بەڵکو لە جیاتی واژۆکۆکردنەوە، ڕوشمی ڕوخان و لە جیاتی خۆنیشاندانی یاسایی [گلەیی] و دەنگدان بۆ لابردنی سەرۆکێك و دانانی یەکێکی دیکە، ئەوا ئەوان لە گروپی خۆجێییەکاندا خەبات بۆ ەندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی لە

سەروەران و پاشڕەوانیان بە ئەڵتەرناتیڤ دەزانین. بەڵام لە هەر جێیەك نارەزاتییەك بەڕووی سەرکوت و نایەکسانی و نادادپەوەریی و دەسەڵاتدا هەبێت، ئەوا ئەگەر کەسێکی ئەنارکی بە ئامادەیی فیزیکیش لەوێ نەبێت، دڵنیابە ئەوەی کە بە هەموو بوون و هەستیکییەوە پشتیوانی لێ دەکات.

ئەگەر مەبەست لە ئاکسیۆن لە چوارچێوەی جوگرافیای هەرێمی کوردستانە، ئەوا هێزی ئەنارکی لە سەرەتایی ناساندندایە و سەدەیەك زیاترە، کە دەسەڵات و ماوڕێ مارکسیستەکان ئەو هزرە دەشێوێنن و بە پێچەوانەکەی خۆی دەیچوێنن. بەڵام ئەگەر مەبەست لە وڵاتانی دیکەیە، ئەوا تەنیا سەیرێکی هەواڵەکان و کەناڵەکان بکەیت، دەبینیت، کە ئاڵای ئەنارکییەکان [ ئاڵا ڕەشەکان / ڕەش و سوورەکان / ڕەش و پەمەییەکان / ڕەش و سەوزەکان / ڕەش و سپییەکان، ڕەش و ئاڵەکان] بەڵگەی ئامادەیی ڕۆژانەی ئەنارکییەکانن لە نارەزایەتی و خۆپیشاندان و سەندنەوەی کارگە و خانووبەرە و شوێنە گشتییەکان و تەنانەت خاڵیکردنەوەی شەقامەکان لە ئۆتومبێل و ئامرازە ژینگە تێکدەرەکان.

شتێك کە پێویستە بۆ ئێمە نارازیانی هوشیار ڕۆشنبێت، ئەوەیە کە ئاکسیۆن بۆ خۆی ئامانج نییە، بەڵکو ئامراز و شێوەیەکی کاتیی خەباتە و شێوازی خودی ئاکسیۆن نیشاندەر و دەرخەری ئامانجی ئاکسیۆن و جەماوەرییبوونی داخوازییەکانە. بۆ نموونە کاتێك کە چەند گروپێکی ڕامیار ئاکسیۆنێك ڕادەگەیێنن، هیچ گومانی تێدانییە، کە بەدوای کۆمەڵێك دەستکەوتەوەن بۆ گروپەکانیان و ئەگەر لەو نێوەشدا ئاماژەیەك بە داخوازییەکی جەماوەریی بکرێت، ئەوا تەنیا وەك ئامرازی فریودانی جەماوەری نارازی دێتەگۆڕێ. چونکە شێوەی بڕیاردان و ئامادەکردن و سەرپەرشتیکیردن و ئاراستەکردنی ئاکسیۆنەکە، دەریدەخات، ئەوانە دستەبژێرێکی ڕامیارپیشەن، کە لە سەرەوە بڕیاردەدەن و بەپێی بەرژەوەندی و هەلومەرجی ڕێکخراوەییان دەستپێدەکەن و ئەگەر لەو ئاکسیۆنەدا بەرژەوەندی ڕێکخراوەییان بکەوێتە مەترسییەوە یا ئەندامێکی باڵایان ڕووبەڕووی مەترسی و زیندان ببێتەوە، زۆر ئاسایی کۆتایی بە ئاکسیۆنەکە دەهێنن و پشت لە جەماوەریی نارِزی و خرۆشاو دەکەن. هەم بارەوە لە دوو دەهەی ڕابوردوودا چ لە خەباتی و چالاکی 'یەکێتی بێکاران لە کوردستان' لە خۆپیشاندانەکانی دژی جەنگی نێوخۆ و چ لە خرۆشانە جەماوەرییەکەی ١٧ی فێبریوەری ٢٠١١دا و دەیان نموونەی دیکەدا دیتمان، کە چۆن گروپە ڕامیارییەکان لەپێناو خۆپاراستن و مسۆگەرکردنی دەستکەوتی ڕێکخراوەیی و دەستەبژێریی، ئامادەی سازش و دانیشتن و پێکهاتنن لەتەك دەسەڵات بوون و دەبن.

وەك گوتم ئاکسیۆن ئامرازە نەك ئامانج. کەسی چالاکی خەباتی جەماوەریی و کۆمەڵایەتی هیچ کات ئاکسیۆن لەپێناو ئاکسیۆندا ناکات، بەڵکو بۆ چارەسەری گرفتێك یا بەدەستهێنانی دەسکەوتێکی جەماوەریی و کۆمەڵایەتی ئەو چالاکیە ئەنجامدەدات، کاتێك ئامانجەکە پەیوەندی بە پرسێکی کۆمەڵایەتییەوە هەبێت یا داخوازی پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی بێت یا کاردانەوە و بەرەنگاریی جەماوەریی و کۆمەڵایەتی بێت بەڕووی نەخشە و بڕیارێکی سەروەراندا، ئەوا پێویستە بڕیاردان لەسەر ئەو ئاکسیۆنە و داڕشتنی نەخشەکاری لەنێوەندی کۆبوونەوە گشتییە جەماوەرییەکان و لە نێوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا لە نێو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و گروپە خۆجێییەکان و گەڕەکەکان و کارگە و فەرمانگە و خوێندنگەکاندا بدرێت، نە ، لە بنکەی پارتەکان و کۆبوونەوە ڕامیارییەکان و نێوەندە دەسەڵاتییەکاندا بڕیاربدرێت و لە دووتوێی پەرتووکە ئادیۆلۆجییەکاندا بۆ نەخشەکاری ئاکسیۆنێکی کۆمەڵایەتی ئەم ڕۆژگارە بگەڕێت. لەبەرئەوە بە دڵنیاییەوە ئەنارکییەکان لەو ئاکسیۆنە ڕامیاریی و پارتیی و دەستەبژێریانەدا بوونیان نییە و ناشبێت و بە بۆچوونی من، ئەگەر ئەنارکییەك لەو کۆڕ و کۆبوونەوە و ئاکسیۆنە پارتیی و ڕامیارانەدا ئامادەیی هەبێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە کەسێکی سەرلێشێواو و ئالوودەبووە بە دەسەڵاتخوازیی و بڕیاردان لە سەرووی خەڵکەوە.

**ئەگەر کەسانێکی وەك ئێوە بچنە پارلەمان و نوێنەرایەتی ئەو خەڵکە بکەن، کە لە هەموو لایەکەوە فریو دەدرێن، خراپی چییە؟ ئایا دەنگهەڵبڕینتان لە هۆڵەکانی پارلەمان و دەزگە پانوپۆڕەکانی ڕاگەیاندنەوە باشتر نییە لەو گۆشەگیرییەی ئێستا کە کەس ناوتان نازانێت و نازانێت کە هەن؟**

پێش هەموو شتێك، بەدڵنیاییەوە کەسانی ئەنارکی لەسەر بنەمای ئەزموونگیریی لە بێهوودەیی و خراپیی ئەو کرە، بەشداری گاڵتەجاری هەڵبژاردنی پارلەمانی ناکەن و ناچن و هەر کات شتی ئاوا ڕوویدا، ئەوا ئیدی ئەو کەسانە نە ئەنارکین و نە

،نارکییەکان گوێیان بۆ شلدەکەن و بەدڵنیاییشەوە لە نوێنەری پارتە بۆرجوازییەکان خراپتر و ـەڵخەڵەتێنەرتر دەبن. بەڵام اشتر نابن. چونکە گەندەڵی و دژبوونی نوێنەرەکان بۆ ،سەکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەوە سروشت و میکانیزمی سیستەمە پارلەمانییەکەیە، کە ئەگەر خودی کاندیدەکە/ پارلەمانتارەکەش مشەخۆر و دژەخەڵك نەبێت، ئەوا میکانیزمەکـ ـ سەروەریی و ـەیی مشەخۆیی ئاوای لێدەکەن، و ئاراستەیە بزوێت، کە خودی پارلەمان و بەڕێوەبەرایەتی سەرووخەڵکی لە پێناویدا پێکهاتووە. ئـ لێرەوە سەرنج بدە، خراپییەکەی ئەوەیە، کە ئەگەر خەڵکی متمانەی بە ئەنارکییەکان/ سۆشیالیستەکان هەبێت، ئەوا ئەو کاتە ـەوان باشتر لە بۆرجواکان دەتوانین خەڵك بۆ سەروەری بۆرجوازی فریوبدەن. بەواتایەکی دیکە لە دیواخانی دەسەڵاتداراندا، کەسێکی بەناو سۆشیالیست و کۆمونیست زیاتر و خراپتر لە کەسێکی مەزهەبی و ناسیونالیست، دەتوانێت چەوساوان بە سیستەمی چینایەتی خۆشباوەڕبکات و لە چاوەڕوانی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی لە سایەی سەرمایەداریدا، ڕادەگرێت و بە پارلەمانتاری باش و سەرۆکـ ـن و پارتی باش و پارلەمانی باش و فەرمانداریی باش و دەوڵەتی باش خۆشباوەڕیدەکات.

بنەما و تان و پۆ و فیلۆسۆفی سیستەمی پارلەمانی بریتییە لە پاراستنی پیرۆزی سەروەریی چینایەتی و دارایی تایبەتی و کاریکرێگرتە لەژێر ناو و دێوجامەی بەرژەوەندی گشتی و سەروەریی یاسایی و فەرمانداریی+گەل [دێمۆ+کراسی] ـاتە هەر کات پارلەمانتارێك دژی کارکردی پارلەمان و دەستوورەکەی بوەستێتەوە، خۆبەخۆ بە وەستانەوە دژی ئەوەی ناویانناوە بەرژەوەندی ـ فەرمانڕەوایی گەل لێکدەدرێتەوە و هەر بەو دەستوورەی کە کەسی کاندیدکراو پێش هەڵبژرادنی و پاش براوەبوونی لە رادندا، واژۆی دەکات و سوێندی یاسایی لەسەر دەخوات و پابەندیی خۆی بۆ دەسەلمێنێت، ئەوا تێڕوانین و ڕیار و ،ڵوێستەکانی لە بەرژەوەندی و پشتیوانی جەماوەری نارازی دەرەوەی پارلەمان، یا لە دژی کۆمپانییە پاوانگەر و چەپاوڵگەر و وێرانگەرەکان، بە تۆمەتی دژە دەستووربوون، ناچار بە وازهێنان یا دادگاییکردن دەبێتەوە. بەو جۆرە ئەگەر بە وردی و بە ڕەخنەوە سەرنجبدەین، ئەوە دەبینین، کـ ـن یانەی خەبات و تێکۆشانی چەوساوان نییە، بەڵکو یانەی میانجیگەریی نێوان ڵاتدان و ڕێکخستنی بەرژەوەندی ڕامیاران و سەرمایەدارانە، بەواتایەکی دیکە یانەی تەبایکردنی دەسەڵاتداران و خاوەن ـەرژەوەندییەکان و ڕەوایەتییدانە بە بڕیار و داخوازی سەرمایەداران و پەسەندکردنیانە وەك بەندی دەستووریی بەناوی بەرژەوەندی باڵا و گشتییەوە.

کاتێك کە هەر لە سەرەتاوە ڕۆڵ و سنووری چالاکی و شێوەی کارکردنی نوێنەر دیاریکرابێت و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتداریی سەرووخەڵك و تاڵانگەریی کۆمپانییەکان و ڕەتکردنەوەی تەڕاتێن و زاڵیی مەرجەکانی نێوەندە جیهانییەکانی وەك سندووقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و دەوڵەتانی ناوچەکە و زلهێزەکان، بقە و نەگۆڕبێت، ئیدی سۆشیالیستەکان [ئەنارکیست و کۆمونستەکان] لەوێندەرێ [لە نێو پارلەمان] چی دەکەن و بەتەمای چین و چییان پێدەکرێت؟

هەروەها پارلەمان چ وەك دەزگەیەك و چ کایەکەرانی [پارلەمانتاران] پێش هەموو شت نوێنەرایەتی پارت و ڕامیاریی و لیست و بەرژەوەندییەکانی خۆیان و چینەکەیان دەکەن. ئەگەر هەموان نوێنەرایەتی جەماوەردەکەن، ئیدی جەماوەر چ پێویستی بەو هەموو بەرنامە و پارت و لیستە جیاوازە هەیە. ئایا من لە کۆڵان و گەڕەکەکەمدا یا لە خوێندنگە و کارگە و فەرمانگە و مەیدانی بێکاراندا، داخوازی و پێداویستی گشتیی جیاواز لەوەی هاوکۆڵان و هاوگەڕەك و هاوپۆل و هاوکار و هاوفەرمان و هاودەردە بێکارەکـ ـم هەن و هەیە؟ ئەگەر وەڵام بەم سەرنج و پرسیارە "نا" ـە، ئیدی ئەو هەموو پارت و لیست و گروپە ناو و بەرنامە جیاوازە لەپێناو چی و سوودیان چییە؟ ئەگەر وەڵامەکە "ئەرێ"یە، لە کوێدا داخوازی و بەرژەوەندیی من و هاوگەڕەکەکەم، من و هاوپۆلەکەم، من و هاوکارەکەم، من و هاوفەرمانەکەم، من و هاوگوندیی و هاوشارییەکەم دەکەوێتە ناکۆکی و جیاوازییەکان چین، کە دروستکردنی پارت و بەرنامە و لیست و گروپی جیاواز دەکەنە پێداویستی وەڵامدانەوە ؟

هەڵبەتە با ئەوە لەو لاوە بوەستێت، کە خودی پارت ئامرازی بەدەسەڵاتگەیشتن و بەهرەمەندبوونی دەستەبژێرێکـ ـلە سەروەری ـی مشەخۆریی بەسەر کۆمەڵگەوە، من ئەوەش دەزانم، کە فیلۆسۆفی سەرهەڵدانی پارت و گروپە ڕامیارییە جیاوازییەکن چییە و چی بووەتە دروستکـ ـن، بەڵام کاتێك کـ ـقسە لەسەر بەرژەوەندی و داخوازی و ئارەزوو و ژیان و کاروباری جەماوەرێك، کۆمەڵێك، چینێك، توێژێك، گوندێك، شارێك، هەرێمێك، کـ ـڵگەیەك و "ـەتەوەیەك" دەکرێت، قسە لەسەر پرس و کرفت و

داخوازیی و ژیان و کاروباری گشتی دەکرێت، واتە شتە هاوبەش و نێوکۆییەکان، کاتێك کە شتەکان هاوبەش و نێوکۆیی بن، ئیدی ئەو هەمووە گروپ و پارت و ڕامیارە مشەخۆرە لەپێناو چی ؟

بەڵام، وەك ئەزموونەکانی کۆمەڵگە چینایەتی و دەرکەوتنی پاگەندەی سەروەران و دەسەڵاتخوازی خستوویانەتەڕوو، ئەو گروپ و پارت و لیستانە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی چین و توێژێکی مشەخۆری کۆمەڵایەتی دەکەن و لەو نێوەشدا بەرژەوەندیی تاکەکەسیی ئەو کەسانەش، کە خۆیان کاندیددەکەن یا بە کودەتا و زۆردارەکی خۆیان دەسەپێنن، پێشنیارە و ئەگەر ئەو نوێنەرایەتییە بە ڕایی و خۆبەخشانە بووایە، بەدڵنیاییەوە هەر لەو ڕۆژەوە کە دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ تێکشکێنراوە و دیمۆکراسی پارلەمانی بەناوی گەلەوە خراوەتە جێگەی تا ئەم ڕۆژە، هیچ ساختەچییەکی ڕامیار و پارتچییەك ئامادەنەدەبوو بۆ خولێکی یەك چرکەیی خۆی کاندیدبکات. بەڵام وەك گوتم هەم بەرژەوەندیی کەسیی خۆی و هەم هاوبەرژەوەندیی مشەخۆرانە و سەروەریخوازانەی چین و توێژەکەی، تاکە هاندەری خۆکاندیدکردن و هەڵپەکردنی ئەون بۆ بردنەوە و بەدەسەڵاتگەیشتن، کە بە خانەنشینیی پاشایانە کۆتاییدێت.

ڕەرای ئەمانەش، خودی پێکهاتەی پارلەمان، پێکهاتەیەکی قوچکەیی سەرووخەڵکە و هیچ پەیوەندییەکی بە داخوازی و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە نییە. هەروەها دیوەکەی دیکەی نوێنەرایەتی جێگیر و بەرتەریبدار و پارتییانە و ڕامیاریانەی کاندیدەکان، بریتییە لە بێویستکردنی [بێئیرادەکردنی] دەنگدەران و چاوەڕوانهێشتنەوە و گوێڕایەڵکردنیان بۆ چوار ساڵی دیکە، تاوەکو هەڵی هەڵبژرادنی شوانەیەکی دیکە یان بۆ دەڕەخسێتەوە. بەم جۆرە دەبینین لە ماوەی چوار ساڵی دیاریکراودا، پارلەمانتارانی هەڵبژێردراو و فەرمانداریی کابینەی فەرمانداریی پێکهاتوو لەوان، بە ئارەزووی خۆیان بڕیار لەسەر بەرپاکردنی جەنگ، سازش لەتەك نێوەندە جیهانخۆرەکان، بێکارکردنی جەماوەر، گرانترکردنی کرێی خانوو، کەمکردنەوەی مووچە و کرێی کار، فرۆشتن و تاڵانکردنی کەرتەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری، دابەشکردن و بەخشێنەوەی سامان و داهاتی کۆمەڵگە بەسەر هێزە سەرکوتگەرەکان و بەکرێگیراوانی خۆیان، بەرتەریدان بە خاوەنکاران و بەرتەریدان بە کۆمپانییە جیهانییەکان و دەرگە ئاوەڵاکردن بۆ زلهێزەکان، وێرانکردنی ژینگە، دەرکردنی یاسا هەڵاوێرییەکان [لەوانە یاسای چەند ژنە و پلەدوویی کۆچەران] و یاسای تایبەت لە بەرژەوەندی خۆیان، دابینکردنی مووچە و خانەنشینی پاشایانە بۆ خۆیان و دەستوبەندەکانیان..تد لەو چوار ساڵەی نوێنەرایەتی دەنگدەرانی بەمێگەلکراودا، ئەوان مافی هەموو ملهوڕییەکیان بەسەر کۆمەڵگەوە هەیە و تا ئێستا لە مێژووی سیستەمی پەرلەمانیدا ڕووینەداوە، کە پارلەمان و پارلەمانتاران لە بەرژەوەندی چین و توێژەکانی خوارەوە بڕیارێك یا یاسایەك دەربکەن، ئەگەر شتی ئاواش ڕوویدابێت، ئەوا تەنیا کاتێك بووە، کە کۆمەڵگە خرۆشاوە و شەو و ڕۆژ تێکۆشانی بۆ کراوە و پارلەمانتاران لە ناچاریی و لەژێر فشار و مەترسی هەڵگەرانەوەی جەماوەردا، ناچار بە هەزار و یەك فروفێڵەوە یاسا و بڕیارەکان دەستکاریکردووە یا وەك شتێکی کاتی ڕایانگرتووە. ئەمە دیوی شاراوە و داپۆشراوی نوێنەرایەتی ناڕاستەوخۆیە، کە هەردەم بە دێوجامەکانی نوێنەرایەتی هاوبەرژەوەندیی "نەتەوەیی" و "نیشتمانی" و "ئایینی" و "ڕەگەزیی" ڕزاێنراوەتەوە. لەبەرئەوە بوونی من یا تۆ یا ئەو، نیازپاکی و دڵسۆزیی من و تۆ یا ئەو، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە هەر کەس گەیشتە ئەو جادووگەرخانەیە، دەبێت و بەسەریدا دەسەپێنرێت، کە لە بەرژەوەندی سیستەمەکە مشەخۆرییەکە بدوێ و بڕیاربدات، ئەگەرنا زۆر بە ئاسانی لە سیناریۆیەکی ڕامیارییدا کەنارەگیردەکرێت، هەڵبەتە ئەگەر کەسەکە بتوانێت لە بەرامبەر حەزی سەروەریخوازیی و مشەخۆرییدا پاکی خۆی ڕابگرێت و دڵسۆز بمێنێتەوە !

لەبەرئەوە، هەر ئاوا کە ناکرێت چەك بۆ زیندووکردنەوەی کوژراوان بەکاربرێت، ئاواش ناکرێت دەزگەی فریودان بۆ هوشیارکردنەوەی خەڵکی بەکاربرێت. پارلەمان کۆڕی مشەخۆرانی کۆمەڵگەیە و هەر کەسێك بەنانەت هەژارترین کەس و شۆڕشگێڕترین کەسیش بچێتە ئەو کۆڕەوە، ئەوا تەنیا دوو ڕێگەی لەبەردەمدا مەیە؛ یا خۆکوژی و وازهێنان یا بەشداربوون لە مشەخۆری و گەندەڵی و خەڵکفریودان !

**************************************************************

بۆ خوێندنەوەی بەشی یەکەم، کرتە لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە بکە

بەشی یەکەم : http://wp.me/ppHbY-HN

بەشی دووەم : http://wp.me/ppHbY-HY
بەشی سێیەم : http://wp.me/ppHbY-If
بەشی چوارەم: http://wp.me/ppHbY-IH
بەشی پێنجەم: http://wp.me/ppHbY-IN

## nojenkirdnewey Wellamekan

Eger pêmanwabêt, wellamekanî ême tewaw û dwa derkî mrovayetîn, ewa xerîkîn le xoman btêk sazdekeyn. Herweha eger pêmanwabêt, ew sîstemî rêkxistney komellge, ke ême xebatî bo dekeyn, dwayîn çawerrwanî û geşeyeke, ke mrovayetî pêydegat, ewa dîsanewe xerîkîn pûçgerayyekî dî le teputozî powçgerayyekanî dîke, çêdekeynewe. Soşyalîzm beheştêk nîye le asmanekanewe daygrîn û le perrawî efsanekanda bîdozînewe û modêrnîzey bkeyn, soşyalîzm xewnî mrovî zînduwe û be praktîkî şorrşigêrrane ketwarîy debêtewe û serkewtinîşî le kultûrbûyinda debêt, bebê ewe, le xeyallî goşegîrane û fentazî aydyalîstane bewlawetir nabêt.

Hejên

## Beşî şeşem

Êwe çi rêgeçareyek bo çareserî stemî neteweyî û griftî nawçe dabrawekan bedrust dezanin ?

Pêşekî ber lewey boçûn û ellternatîvêk le dîdî xomewe bxemerrû, bepêwîstî dezanim bllêm, dû dehe beser raperrîn û deheyek beser ruxanî rjêmî be's'da têperrêwe û hêşta pirsî stemî neteweyî û nawçekan çaresernekrawe û hêşta wek meydanêk bo sermayeguzarîy ramyarîy desellatixwazan û demargîrîy neteweyî û kînedozî û dûberekî nêwan xellkanêk, ke pêştir hezaran sall beyekewe jyawn û hawderd û hawxemî yekdî bûn, mawetewe. Eger paş raperrîn le wellamî em pirsyareda bitgutaye pêwîste le rîzî xebatî cemawerîyda têkoşanî bo bkeyn ya paş rûxanî sedam bitgutaye ba deheyek tyokoşanî bo bkeyn, demudest be dujmin û xeyallpillaw û bê ellternatîv tawanbardekrayt, bellam ewa dû dehe têperrîwe û hêşta her bazarî netewepersitî û ramayarîy desellatixwazan germe û êmeş her lew xalleda westawîn, ke her debêt em roje ya sall û dehe û sedeyekî dîke, karî leser bkeyn û têkoşanî bo bkeyn.

Demewêt bllêm, ellternatîvêk ke be boçûnî min detwanêt hem çareser û hem radîkall bêt, ne be fermanî ramyaran dêtedî û ne karî yek şew û rojeye, bellku xebatî bêwçanî komellayetî gerreke, gerranewe bo serdemî ber le nasîwnalîzebûn û serhelldanî dewllet hawçerxî gereke, wate komellayetîykirdnewey pirsekan û tûrrhelldanî ramyarîy û ramyaranî gereke, pêkhênanî paye cemawerîyekanî rêkixrawbûnî gereke, grêdanewey be pirse her rojeyyekanî tak û komellgey gereke, welananî rollî ramyaran û pûçellkirdnewey bazarî bazirganî partekanî gereke, gerranewey birrwabexobûnî tak be hêzî yekgirtûy komellayetî û çînayetî xoy gereke, rêkxistnewey asoyî komellgey gereke!

Beboçûnî min çareserî ew kêşaney ke îdyologekanî nasîwnalîzm û mezheb û partekan mîlîşyakan û dewlletekan ..tid drustyankirdûn, tenya belêdanî ew pênawaneye ya ew rêkxistin û pêkhataneye, ke ewan drustyankirdûn,

meyserdebêt. Nakrêt nasîwnalîstekan û mezhebîyekan be amancî dabînkirdnî desellat bo çînî mşexor (borcwazî) le qewarey ramyarîy wek dewlletda, bmanken begjî yekîda û êmeş bêyn bbîne endam le weha leşkirêkî nahuşyaraneda û alla û druşmekanyan berizbkeynewe, xwazyarî bedîhênanî bernamekanyan bîn û xoman lepênaw bedesellatgeyiştînan benawî gel û krêkaranewe, bekuşt bdeyn!

Hellbete karêkî awa ; berberçdanewey hêze desellatixwazekan û araste netewepersit û mezhebyekan, karî yek şew û roje nîye, her kat dest be encamdanî bkeyn, her debêt lem hengawe seretayyanewe destipîbkeyn : pagende djî ramyaran û partekan û mîlîşyakan û pûçellkirdnewey nexşekanyan, hellxirrandin û bercestekirdnî daxwazîye komellayetîye hawbeş û nêwkoyyekanî danîştuwanî nawçe fre-êtnî û fre-ayîn û fre-kultûr ya cyawazekan, karkirdnî her roje bo xorrêkxistinî çîn û twêje jêrdestekan le grupe xocêyyekan û rêkixrawe cemawerîyekanda leser bnemay xudhuşyarîy û xobîrkirdnewe û xorrêkxistin û xoçalakî û xoxebatkirdin le derewey bazney hejmûnî parte ramyarîyekan û mîlîşyakan û dewlletekan. Drustkirdnî dîwarî mroyî lenêwan berey cengî mîlîşyakan û derperandinyan le şwênekanî kar û jyanda, drustkirdnî grupekanî hawsêyetî û komekî komellayetîy, aşnakirdnî lawan û newey nwê be raburdûy pêkewejyan û tebayî peyrrewanî ayînekan û mezhebekan û êtnîyekan lew cêyaneda.

Min dezanim weha karêk kat û wze û twanay dewêt, bellam nekirdnî be watay têperrandinî nîye, bellku her kat bmanewêt çareserî komellayetîyane bo kêşekan bdozînewe, naçar debêt her lem hengawanewe destbekarbîn. Lem dûrrêyane zyatirman lepêş nîye; ya milkeçî bo wîstî dewllet û part û mîlîşyakan û ramyaran wek êsta, ya xodestbekarbûnî komellayetî û retkirdnewey kayey ramyarîy wek caran ?

Eger sernicî mêjûy sedey raburdû bdeyn, herdem le nahuşyarîy û naamadeyîmanda çareserî pirsekan û kêşekanman be part û mîlîşya û ramyaran û dewllet spardûn, ewanîş wek wellamdanewe be berjewendî xoyan û sruştî serhelldan û karkirdinyan, herdem kêşe û pirse komellayetîyekanî êmeyan alûdey ramyarîy kirdûn û wek amrazêk bo bedesellatgeyîştin û bedestihênanî berterîy bo xoyan bekaryanbirdûn. Kêşe û stemî êtnî, dûberekî ayînî û mezhebîy, hellpe û saxteçîyetî ramyarîy le em rojeda be berawrid be serdemêk ke nasîwnalîzm û partayetî nebûbûne şunasî tak, hezaran car tundtir û kuşindetir buwetewe. Hawsê û hawkar û hawsoz û hawdillanî dwênêyan kirdûnete dujminî henûkeyî, kuştinyan kirduwete asayîtrîn dyardey komellge, etkkirdin û mindallfirrandin û cengyan kirduwete asayîtrîn rûdawî roj, kirdûnyanete beşêk le kultûrî mrovî em herême.

Wek le serewe gutim, ya kêşe û pirsekan bewaney serewe despêrîn û bexoman wek ajellan her roj çawerrêy norey serbrrînman dekeyn, ya eweta be srrînewey ramyarîy le kayekanî jyanmanda, hewllî komellayetîykirdnewey gişt pirsekan û çareseryan leser bnemay xwast û xewnî hawbeşman bexoman le estoyan degrên. Bo em mebeste min tenya be hêllkarîy tîrrwanîn û dîtnekanim detwanim, wellam be pirsyarekey to bdemewe: wek pêştir gutim berdî bnaxey her kar û çalakîyek be arastey çareserî komellayetîyaney pirsekan, xorrêkxistinî asoyî çîn û twêje komellayetîyekane, katêk ke grupe xocêy û rêkixrawe abûrîy û pîşeyye cemawerîyekanman hebûn, detwanîn kar leser pêkhênanî xoberrêweberayetî komellayetîyaney gund û gerrek û şaroçke û şar û nawçe û herêmekan wek yekey azad bkeyn, wate gêrranewey karubar û kargêrîy sîstemî berrêwebearyetî bo nêwendî jyanî komellayetî û lebarbirdnî zemînekanî kayey ramyarîy û part û ramyaran. Katêk ke gundêk ya şarêk leser bnemay dêmokrasî rastewxo û piştibnestû be herewezîy û hawpiştî komellayetî xoy rêkdexat, îdî rêkxistinî karubar û berhemhênan û dabeşkirdin û sîstemî perwerde û xwêndin û peywendîyekan û dyarîkirdnî zmanî fermî karubar û xwêndinî

dekewête estoy herewezî û encûmen û şurakanî ew şwêne, wate pêkhênanî xoberrêweberayetî serbexo.

Katêk ke komellge debête xawenî rêkxistinî lew core, îdî yekgirtin û cyabûnewe û hawpiştî û pêkewe jyan asantirîn karêk debin, ke her tak û grup û komellgeyek destî pêyrradegat. Herweha birrwabeyekbûn û hawxemî û hawderdî û hawpiştî nêwan gundekan, gerrekekan, şarekan û nawçe û herêmekan û komellgekan lêrewe serhelldedat û her em hawarasteyyeye, ke debête hoy srrînewey karayî û şwêneware wêrangerekanî ramyarîy û partekan û sîstemî ramyarîy û dewlletekan, ke bûnete hoy dûberekî û rik û kîne û ceng û kuştarekan. Hellbete bêcge leweş hemû serkewtin û pozetîvîyek le hengawekanda, şwênêkî dîke bo girtneberî ew şêwaz û karkirdne handedat.

Beboçûnî min, le wllatêkî wek 'îraqî fre êtnî û fre ayîn û fre mezheb û fre zman û wêranbûy paş çendîn ceng û karayî kêşmekêşî ramyaran û partekan û aydyolocyakan, tenya em şêwaze le têkoşan bo çareserî pozetîv detwanêt zemîney pêkewejyanî dûr le ceng û rik û kîne û çend berekî ya cyabûnewey azadane û dûr le xwênrriştin û mallwêranî msogerbkat. Eger amancî pirsyareke eweye, ke çon detwanîn be çareserêkî aştîyane bgeyn, ewa em rêgeyeçareye druste û eger qseş leser bedesellatgeyîştinî komellêk ramyar û sermayedar û part û mîlîşya û dellallî bazarazade, ewa ew drrindeyî û lexonamobûn û dujminsazîye le hawsê û hawkar û hawpol û hawsozekanî dwênê, baştirîn xizmet be cêkewtebûnî nexşe abûrîyekanî bazarazad û nexşe ramyarîy û serbazîyekanî zilhêzekan û dagîrkarîy nwê [nîokolonyalîzm] û cîhanxorîy dezge û nawende abûrîyekanî cîhan, dekat.

Hellbete pêwîste eweş bllêm, ke yekem bo bedîhatin û cêkewtebûnî xoberrêweberayetî komellgekan komellêk amraz û mîkanîzm çarenûsazn, lewane retkirdnewey dêmokrasî parlemanî û girtneberî dêmokrasî rastewxo, retkirdnewey fîdralîzmî borcwazî [fîdralîzmî qûçkeyî/ yekgirtnî desellatekan û dewlletekan] û pêkhênanî yekêtî û yekgirtnî azadaney komîwnîtîyekan le fêdrasyon û konfêdrasyone asoyyekanda, retkirdnewey hellbjardinî ramyaran û partekan û sîstemî ramyarîy û dengdan be seruweran. Le beramberda girtneberî raprisî gşî û azad û kobûnewe giştîyyekan. Duwem, bedîhatnî em amancane wek çareserî kêşe êtnî û mezhebîy û kultûrîyekan, pabendey bedîhatnî komellgey naçînayetî nîn û dekrêt wek pêşhengaw berew komellgey xwazraw leberçawbigîrdirên. Belayenî kemewe, eger netwanîn be komellgey naçînayetîş bgeyn, ewa detwanîn ber be demargîrî û kînedozî neteweyeyî û cînosayd û gerimkirdnî bazarî çeksazî û zalltirkirdnî zilhêzekan bigrîn.

Bo nmûne eger rêkxistin û berrêwebirdnî karubarî gundêk le destî xudî danîştuwanekeyda bêt, bedillnyayyewe berawrid be mşexoranî ramyar û partekan, ke le şarekanda xerîkî fermandanin, bexoyan detwanin baştir griftekanyan çareserbken, yekgirtûtirbin û harîkarîy û hawpiştîyan letek gundekanî dîkeda hawarastetir bken û xoberrêweberayetî herêmîy leserû astî gişt gundekanewe leser heman bnemay rêkxistin û xoberrêwberayetî tak takî gundekan, pêkbihênin. Herweha le şarekanda eger rêkxistinî karewbarekan û berrêweberayetî leser bnemay pêkhênanî rêkixrawe cemawerîyekan û grupe xocêy û herewezîye komellayetîyekan û yekgirtneweyan û xoberrêweberayetîyan pêkhatbêt, ewa debête hoy dabeşbûnî yeksanî desellatî kargêrîy û yekgirtnewey xoberrêweberayetîyekanî gerrekekan le şura ya fêdrasyonî şarda, zemîne bo lebarbirdnî helî sermayeguzarîy ramyarîy partekan leser kêşe û pirsekan lenêwdebat û bwarêk bo desellatixwazîy serûxellkî û berterîyixwazîy ramyaran û ..tid namênêtewe, bewatayekî dîke xudî danîştuwanî ew şare çi leser astî gerrekekan û çi leser astî şar, le kobûnewe giştîyekanda leser bnemay dêmokrasî rastewxo, giftugo leser pirsekan û girfetakan û daxwazîy û

pêdawîstîyekan deken û birryaryan leserdeden û bexoşyan wek xwastî xoyan be wîstî [îradey] xoyan birryarekan cêbecêdeken û gerrek û şarekeyan berrêwedeben. Bew core debînîn, çîdî ewe serweranî nawçey sewzî bexdad û serî reş û qellaçwalan û ser girdekan û mşexoranî nêw parlemanekan nîn, ke birryar leser pirsekan deden, bellku xudî ew takanen, ke ta em sate le hemû birryar û cêbecêkirdnêk bêbeş û dabrrawkrawn û wek mêgell, şwane ramyarekan û partekan û fermandarîye [hkumete] herêmîyekan/ sertaserîyekan dahatûyan dyarîdeken. Zîndûtrîn nmûne lem barewe, rêkxistin û xoberrêweberayetî kurdistanî beşî suryeye, herweha xoberrêweberayetî şar û gunde azadkrawe 'erebinşînekanî surye, pêş ewey supay benaw azad û hêze îslamîyekan dagîryan bkenewe, ke şura û komîte û encumen û herewezîye gelîyekan berêweyandebirdin.

Le akisyon û narrezayetîyekanda beşdarîtan keme ?

Kame akisyon û akisyon bo çî? Eger mebest le wajokokirdnewe û paranewe le serokan bêt, taweku dillyan be xellkî bsûtêt ya mebest xonîşandanî yasayî û hellay partekan bêt, ewa bedillnyayyewe cêgey enarkîyekanî têda nabêtewe û xebatî ewan lewê nîye, bellku le cyatî wajokokirdnewe, druşmî ruxan û le cyatî xonîşandanî yasayî [gleyî] û dengdan bo labirdnî serokêk û dananî yekêkî dîke, ewa ewan le grupî xocêyyekanda xebat bo sendnewey berrêweberayetî le serweran û paşrrewanyan be ellternatîv dezanîn. Bellam le her cêyek narrezatîyek berrûy serkut û nayeksanî û nadadpewerîy û desellatda hebêt, ewa eger kesêkî enarkî be amadeyî fîzîkîş lewê nebêt, dillnyabe lewey ke be hemû bûn û hestîkîyewe piştîwanî lê dekat.

Eger mebest le akisyon le çwarçêwey cugrafyay herêmî kurdistane, ewa hizrî enarkî le seretayî nasandindaye û sedeyek zyatre, ke desellat û hawrrê markisîstekan ew hizre deşêwênin û be pêçewanekey xoy deyçwênin. Bellam eger mebest le wllatanî dîkeye, ewa tenya seyrêkî hewallekan û kenallekan bkeyt, debînît, ke allay enarkîyekan [ alla reşekan / reş û sûrekan / reş û pemeyyekan / reş û sewzekan / reş û spîyekan, reş û allekan] bellgey amadeyî rojaney enarkîyekanin le narrezayetî û xopîşandan û sendnewey karge û xanûbere û şwêne giştîyekan û tenanet xallîkirdnewey şeqamekan le otumebêl û amraze jînge têkderekan.

Ştêk ke pêwîste bo ême narrazîyanî huşyar roşnibêt, eweye ke akisyon bo xoy amanc nîye, bellku amraz û şêweyekî katîy xebate û şêwazî xudî akisyon nîşander û derxerî amancî akisyon û cemawerîybûnî daxwazîyekane. Bo nmûne katêk ke çend grupêkî ramyar akisyonêk radegeyênin, hîç gumanî têdanîye, ke bedway komellêk destkewtewen bo grupekanyan û eger lew nêweşda amajeyek be daxwazîyekî cemawerîy bikrêt, ewa tenya wek amrazî frîwdanî cemawerî narrazî dêtegorrê. Çunke şêwey birryardan û amadekirdin û serperşitîkîrdin û arastekirdnî akisyoneke, derîdexat, ewane distebjêrêkî ramyarpîşen, ke le serewe birryardeden û bepêy berjewendî û helumercî rêkixraweyyan destîpêdeken û eger lew akisyoneda berjewendî rêkixraweyyan bkewête metrisîyewe ya endamêkî ballayan rûberrûy metrisî û zîndan bbêtewe, zor asayî kotayî be akisyoneke dehênin û pişt le cemawerîy narrazî û xroşaw deken. Lem barewe le dû dehey raburdûda çi le xebatî û çalakî 'yekêtî bêkaran le kurdistan' û çi le xopîşandanekanî djî cengî nêwxo û çi le xroşane cemawerîyekey 17î fêbrîwerî 2011da û deyan nmûney dîkeda dîtman, ke çon grupe ramyarîyekan lepêڕaw xoparastin û msogerkirdnî deestkewtî rêkixraweyî û destebjêrîy, amadey sazş û danîştin û pêkhatnin letek desellat bûn û debin.

Wek gutim akisyon amraze nek amanc, kesî çalakî xebatî cemawerîy û komellayetî hîç kat akisyon lepênaw akisyonda nakat, bellku bo çareserî griftêk ya bedestihênanî deskewtêkî cemawerîy û komellayetî ew çalakîye

encamdedat, katêk amancke peywendî be pirsêkî komellayetîyewe hebêt ya daxwazî pêdawîstîyekî komellayetî bêt ya kardanewe û berengarîy cemawerîy û komellayetî bêt berrûy nexşe û birryarêkî serweranda, ewa pêwîste birryardan leser ew akisyone û darriştnî nexşekarî lenêwendî kobûnewe giştîye cemawerîyekan û le nêwende komellayetîyekanda le nêw rêkixrawe cemawerîyekan û grupe xocêyekan û gerrekekan û karge û fermange û xwêndingekanda bidrêt, nek le binkey partekan û kobûnewe ramyarîyekan û nêwende desellatîyekanda birryarbidrêt û le dûtwêy pertûke adyolocîyekanda bo nexşekarî akisyonêkî komellayetî em rojgare bgerrêt. Leberewe be dillnyayyewe enarkîyekan lew akisyone ramyarîy û partîy û destebjêrîyaneda bûnyan nîye û naşbêt û be boçûnî min, eger enarkîyek lew korr û kobûnewe û akisyone partîy û ramyaraneda amadeyî hebêt, ewa bedillnyayyewe kesêkî serlêşêwaw û alûdebuwe be desellatixwazîy û birryardan le serûy xellkewe.

Eger kesanêkî wek êwe biçne parleman û nwênerayetî ew xellke bken, ke le hemû layekewe frîw dedrên, xrapî çîye? Aya denghellbrrîntan le hollekanî parleman û dezge panuporrekanî rageyandnewe baştir nîye lew goşegîrîyey êsta ke kes nawtan nazanêt û nazanêt ke hen?

Pêş hemû ştêk, bedillnyayyewe kesanî enarkî leser bnemay ezmûngîrîy le bêhûdeyî û xrapîy ew kare, beşdarî galltecarî hellbjardinî parlemanî naken û naçin û her kat ştî awa rûyda, ewa îdî ew kesane ne enarkîn û ne enarkîyekan gwêyan bo şildeken û bedillnyayîşewe le nwênerî parte borcwazîyekan xraptir û hellxelletênertir debin, bellam baştir nabin. Çunke gendellî û dijbûnî nwênerekan bo kesekan nagerrêtewe, bellku ewe sruşt û mîkanîzmî sîsteme parlemanîyekeye, ke eger xudî kandîdeke/ parlemantarekeş mşexor û djexellk nebêt, ewa mîkanîzmekanî serwerîy û berteyî mşexoyî away lêdeken, bew arasteye bbizwêt, ke xudî parleman û berrêweberayetî serûxellkî le pênawîda pêkhatuwe. A lêrewe sernic bde, xrapîyekey eweye, ke eger xellkî mitmaney be enarkîyekan/ soşyalîstekan hebêt, ewa ew kate ewan baştir le borcwakan detwanîn xellk bo serwerî borcwazî frîwbden. Bewatayekî dîke le dîwaxanî desellatdaranda, kesêkî benaw soşyalîst û komunîst zyatir û xraptir le kesêkî mezhebî û nasîwnalîst, detwanêt çewsawan be sîstemî çînayetî xoşbawerrbkat û le çawerrwanî azadî û yeksanî û dadperwerîy le sayey sermayedarîda, radegrêt û be parlemantarî baş û serokî baş û partî baş û parlemanî baş û fermandarîy baş û dewlletî baş xoşbawerrîdekat.

Bnema û tan û po û fîlosofî sîstemî parlemanî brîtîye le parastinî pîrozî serwerîy çînayetî û darayî taybetî û karîkrêgirte lejêr naw û dêwcamey berjewendî giştî û serwerîy yasayî û fermandarîy+gel [dêmo+krasî]da, wate her kat parlemantarêk djî karkirdî parleman û destûrekey bwestêtewe, xobexo be westanewe djî ewey nawyannawe berjewendî giştî û fermanrreayî gel lêkdedrêtewe û her bew destûrey ke kesî kandîdkraw pêş hellbijradnî û paş brawebûnî le hellbijradinda, wajoy dekat û swêndî yasayî leser dexwat û papendîy xoy bo deselmênêt, ewa têrrwanîn û birryar û hellwêstekanî le berjewendî û piştîwanî cemawerî narrazî derewey parleman, ya le djî kompanîye pawanger û çepawillger û wêrangerekan, be tometî dje destûrbûn, naçar be wazhênan ya dadgayîkirdin debêtewe. Bew core eger be wirdî û be rexnewe serincibdeyn, ewe debînîn, ke parleman yaney xebat û têkoşanî çewsawan nîye, bellku yaney myancîgerîy nêwan desellatdan û rêkxistinî berjewendî ramyaran û sermayedarane, bewatayekî dîke yaney tebaykirdnî desellatdaran û xawen berjewendîyekan û rewayetîydane be birryar û daxwazîy sermayedaran û pesendkirdinyane wek bendî destûrîy benawî berjewendî balla û giştîyewe.

Katêk ke her le seretawe roll û snûrî çalakî û şêwey karkirdnî nwêner dyarîkrabêt û retkirdnewey desellatdarîy serûxellk û tallangerîy kompanîyekan û retkirdnewey terratên û zallîy mercekanî nêwende cîhanîyekanî wek sindûqî drawî nêwdewlletî û bankî cîhanî û dewlletanî nawçeke û zilhêzekan, bve û negorrbêt, îdî soşyalîstekan [enarkîst û komunistekan] lewênderê [le nêw parleman] çî deken û betemay çîn û çîyan pêdekrêt?

Herweha parleman çi wek dezgeyek û çi kayekeranî [parlemantaran] pêş hemû şit nwênerayetî part û ramyarîy û lîst û berjewendîyekanî xoyan û çînekeyan deken. Eger hemuwan nwênerayetî cemawerdeken, îdî cemawer çi pêwîstî bew hemû bername û part û lîste cyawaze heye, aya min le kollan û gerrekekemda ya le xwêndinge û karge û fermange û meydanî bêkaranda, daxwazî û pêdawîstî giştîy cyawaz lewey hawkollan û hawgerrek û hawpol û hawkar û hawferman û hawderde bêkarekemim hen û heye? Eger wellam bem sernic û pirsyare "na"ye, îdî ew hemû part û lîst û grupe naw û bername cyawaze lepênaw çî û sûdyan çîye? Eger wellameke "erê"ye, le kwêda daxwazî û berjewendîy min û hawgerrekekem, min û hawpolekem, min û hawkarekem, min û hawfermanekem, min û hawgundîy û hawşarîyekem dekewête nakokî û cyawazîyekan çîn, ke drustkirdnî part û bername û lîst û grupî cyawaz dekene pêdawîstî wellamdanewe ?

Hellbete ba ewe lew lawe bwestêt, ke xudî part amrazî bedesellatgeyîştin û behremendibûnî destebjêrêke le serwerî û mşexorîy beser komellgewe, min eweş dezanim, ke fîlosofî serhelldanî part û grupe ramyarîye cyawazîyekan çîye û çî buwete drustkeryan, bellam katêk ke qse leser berjewendî û daxwazî û arezû û jyan û karubarî cemawerêk, komellêk, çînêk, twêjêk, gundêk, şarêk, herêmêk, komellgeyek û "neteweyek" dekrêt, qse leser pris û grift û daxwazîy û jyan û karubarî giştî dekrêt, wate şte hawbeş û nêwkoyyekan, katêk ke ştekan hawbeş û nêwkoyî bin, îdî ew hemuwe grup û part û ramyare mşexore lepênaw çî ?

Bellam, wek ezmûnekanî komellge çînayetî û derkewtinî pagendey serweran û desellatixwazî xistûyanete rû, ew grup û part û lîstane nwênerayetî berjewendî çîn û twêjêkî mşexorî komellayetî deken û lew nêweşda berjewendîy takekesîy ew kesaneş, ke xoyan kandîddeken ya be kudeta û zordarekî xoyan desepênin, pêşnyare û eger ew nwênerayetîye bexorrayî û xobexşane buwaye, bedillnyayyewe her lew rojewe ke dêmokrasî rastewxo têkşikênrawe û dêmokrasî parlemanî benawî gelewe xrawete cêgey ta em roje, hîç saxteçîyekî ramyar û partçîyek amadenedebû bo xulêkî yek çirkeyî xoy kandîdbkat. Bellam wek gutim hem berjewendîy kesîy xoy û hem hawberjewendîy mşexorane û serwerîyixwazaney çîn û twêjekey, take hander î xokandîdkirdin û hellpekirdnî ewn bo birdnewe û bedesellatgeyîştin, ke be xanenşîynî paşayane kotayîdêt.

Sereray emaneş, xudî pêkhatey parleman, pêkhateyekî quçkeyî serûxellkîye û hîç peywendîyekî be daxwazî û jyanî rojaney xellkewe nîye. Herweha dîwekey dîkey nwênerayetî cêgîr û berterîydar û partîyane û ramyarîyaney kandîdekan, brîtîye le bêwîstkirdnî [bêîradekirdnî] dengderan û çawerrwanhêştnewe û gwêrrayellkirdinyan bo çwar sallî dîke, taweku helî hellbijradnî şwaneyekî dîkeyan bo derrexsêtewe. Bem core debînîn le mawey çwar sallî dyarîkrawda, parlemantaranî hellbijêrdraw û fermandarîy kabîney fermandarîy pêkhatû lewan, be arezûy xoyan birryar leser berpakirdnî ceng, sazş letek nêwende cîhanxorekan, bêkarkirdnî cemawer, grantirkirdnî krêy xanû, kemkirdnewey mûçe û krêy kar, froştin û tallankirdnî kertekanî berhemhênan û xizmetguzarî, dabeşkirdin û bexşênewey saman û dahatî komellge beser hêze serkutgerekan û bekrêgîrawanî xoyan, berterîdan be xawenkaran û berterîdan be kompanîye cîhanîyekan û derge awellakirdin bo zilhêzekan, wêrankirdnî jînge, derkirdnî yasa hellawêrîyekan [lewane yasay çend jne û pledûîy koçeran] û yasay taybet le berjewendî xoyan,

dabînkirdnî mûçe û xanenşînî paşayane bo xoyan û destubendekanyan..tid lew çwar salley nwênerayetî dengderanî bemêgelkrawda, ewan mafî hemû milhurrîyekyan beser komellgewe heye û ta êsta le mêjûy sîstemî parlemanîda rûynedawe, ke parleman û parlemantaran le berjewendî çîn û twêjekanî xwarewe birryarêk ya yasayek derbken, eger ştî awaş rûydabêt, ewa tenya katêk buwe, ke komellge xroşawe û şew û roj têkoşanî bo krawe û parlemantaran le naçarîy û lejêr fşar û metrisî hellgeranewey cemawerda, naçar be hezar û yek frufêllewe yasa û birryarekan destkarîkirduwe ya wek ştêkî katî rayangirtuwe. Eme dîwî şarawe û dapoşrawî nwênerayetî narrastewxoye, ke herdem be dêwcamekanî nwênerayetî hawberjewendîy "neteweyî" û "nîştmanî" û "ayînî" û "regezîy" rzaênrawetewe. Leberewe bûnî min ya to ya ew, nyazpakî û dillsozîy min û to ya ew, hîç lewe nagorrêt ke her kes geyîşte ew cadûgerxaneye, debêt û beserîda desepênrêt, ke le berjewendî sîstemeke mşexorîyeke bidwê û birryarbdat, egerna zor be asanî le sînaryoyekî ramyarîyda kenaregîrdekrêt, hellbete eger keseke bitwanêt le beramber hezî serwerîyixwazîy û mşexorîyda pakî xoy rabgirêt û dillsoz bmênêtewe !

Leberewe, her awa ke nakrêt çek bo zîndûkirdnewey kujrawan bekarbibrêt, awaş nakrêt dezgey frîwdan bo huşyarkirdnewey xellkî bekarbibrêt. Parleman korrî mşexoranî komellgeye û her kesêk tenanet hejartirîn kes û şorrşigêrrtirîn kesîş bçête ew korrewe, ewa tenya dû rêgey leberdemda heye; ya xokujî û wazhênan ya beşdarbûn le mşexorî û gendellî û xellkifrîwdan !

**************************************************************

Bo xwêndnewey beşî yekem, kirte leser em besterey xwarewe bke

Beşî yekem : http://wp.me/ppHbY-HN

Beşî duwem : http://wp.me/ppHbY-HY

Beşî sêyem : http://wp.me/ppHbY-If

Beşî çwarem: http://wp.me/ppHbY-IH

Beşî pêncem: http://wp.me/ppHbY-IK